# هیوای نوێ

بڵاوکراوەیەکی
سیاسی—گشتییە
ئۆرگانی ڕاگەیاندنی
یەکێتیی دیموکراتی
کوردستان دەریدەکات

ژمارە: ٦٢ - ٢٠١٨/٥/٢٠ زایینی بەرابەر بە ٣٠ی گوڵانی١٣٩٧ هەتاوی

www.ydkurd.org


## بەگژداچوونەوەی ستەم و ستەمکاری و هەوڵ بۆ دابینکردنی دادپەروەری، ئەرکێکی سەرەکیە بۆ ڕزگاری مرۆڤایەتی

# ١٣ هەمین ساڵیادی دامەزراندنی یەکێتیی دیموکراتی کوردستان پیرۆز بێت



## بەیاننامەی سیانزەیەمین ساڵیادی دامەزراندن

**هاونیشتمانیانی خۆشەویست**

**چالاکانی سیاسی و حیزب و لایەنە سیاسیەکانی کوردستان**

**ئەندامان و لایەنگرانی خۆشەویستی یەکێتییەکەمان**

ڕێکخراوی سیاسی یەکێتیی دیموکراتی کوردستان، ٣٠ی گوڵانی هەتاوی، بەرانبەر بە ٢٠ی مانگی مایسی( مەی) زایینی، ساڵڕۆژی دامەزراندنیەتی و سیانزەهەمین ساڵی دامەزراندنی خۆی تێدەپەڕێنێت و لەماوەی تێپەڕینی ئەو ساڵانەی دوای دامەزراندنی ڕێکخراوەکەماندا، بە ڕوونی سیاسەتەکانی خۆمانمان دەستنیشان و بە پراتیک کردووە و هاوئاهەنگ لە گەڵ گەشەی شارستانیەتی دیموکراتیک، بنەما فیکرییەکانی خۆمانمان ڕێکخستووە و وەک پرەنسیب، لەگەڵ ڕەوتی گۆڕانکارییە جیهانی و فیکری و ئایدیا یەکسانیخواز و دادپەروەرانە و مرۆڤتەوەرەکاندا بووین و بە پێی ڕەوتی ڕانەوەستاوەی فیکری و سیاسی و گەشەی زانست و زانیاری مرۆڤایەتی لەم سەردەمەدا، بناغەی فیکری و کاری سیاسی خۆمانمان بۆ ڕزگاری گەلەکەمان و ڕیزنان لە بەها مرۆییەکانمان تەرخانکردووە و بە پێی هەلی ڕەخساو بۆ خەباتمان ، هەوڵی گەیشتن بە ئامانجەکانمان داوە.

وەك چۆن لە سەرەتای سەدەی بیست و یەکەم و سەرەتای دامەزراندنی یەکێتییەکەماندا ئاماژەمان پێدا و پێداگریمان لە سەر کرد کە جیهان بە تایبەت ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەرەو ڕەوشێکی نوێ و وەرچەرخانی نوێ لە ژیانی مرۆڤایەتیدا دەڕوات و هەر سیستەمێك بە پێی تایبەتمەندییە ئابووری ، سیاسی ، فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی و ئایدۆلۆژیکییەکانی سەدەی بیست بنیات نرابێت چیتر وەڵامدەرەوەی ئەم چەرخ و زەمەنە نییە کە سەدەی گەشەسەندنی ئازادی تاك و کۆمەڵگە و ڕیزنان و ملدان و پێدانی مافە ئینسانی و ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی بەها مرۆییەکان و جێگیر کردنی دادپەروەرییەکانە کە هەر هەموو تاکی کۆمەڵگە بە گەشەسەندنی تەکنۆلۆژیای مۆدێڕنی سایبری توانیویەتی خۆی لە نێو بازنەی جیهانی زانیاری و داتا نهێنییەکانی دەسەڵاتە سەرکوتگەرەکان و جیهانی ئازاد دا بدۆزێتەوە و بە هۆی بەربەڵاویی پەیوەندییەکانی لە سەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، فەرهەنگێکی نوێ و کۆمەڵگەیەکی نوێ بنیات بنێت کە داخوازییەکانی لە گەڵ داب و نەریتی کۆنی دەسەڵاتدارییەتی وڵاتەکەی و ناوچەکە یەك ناگرێتەوە و ئەو تایبەتمەندییەی کە جیهانی ئەمڕۆ و ئاوات و حەزەکانی گرێدراو بەو باردۆخەی کە خولقاوی خولانەوەی زانیاری و بیردۆزی ئازادیخوازی ناخی تاکەکانی کۆمەڵگە و دەرکەوتنی ناعەداڵەتییەکانی دەسەڵاتە کۆنەپەرەست و تاکڕەوەکانی سەدەی بیستەمە و هەروەها پەیوەندییە بەربڵاوەکانی سەر تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان ، یەك گرتنەوەیەك درووست دەکات کە مێژوویەکی نوێ دەخولقێنێت کە بەگۆڕانکاریی ڕیشەییەوە سەر دەنێت و هەر سیستەمێك یا لایەنێکی سیاسیش خۆی لە گەڵ ئەو تایبەتمەندیانەی سەدەی بیست و یەکەم نەگونجێنێت و بە دەم داخوازییەکانی کۆمەڵگەوە نەیەت مەحکوومن بە لە ناوچوون ، لە بەر ئەوەی ئەوان نە لە ڕووی پێکهاتەییەوە و نە لە بواری بنەما فیکرییەکانەوە لە گەڵ داواکاری و خولیا و ئەندێشەی ...

درێژەی لە لاپەڕە ٢

*سەرووتار*

## ئاکامە ناوخۆییەکانی هەڵوەشاندنەوەی بەرجام بۆ ئێران

*سەرنووسەر*

ڕێککەوتنی ئەتۆمی لەگەڵ ئێران، بوو بە هۆی ئەوەی کە کۆماری ئیسلامیی ئێران، هیوایەک بدات بە خەڵکی ئێران کە ئابووری وڵات ڕوو لە باش بوون دەکات و ئاستی ژیان و گوزەرانی خەڵک گۆڕانکاریی باشتر دەبینێت، نێزیک بە دوانزە ساڵی بەردەوام خەڵکی ئێران سەرقاڵی ڕێککەوتنی ئەتۆمی کرا کە کۆماری ئیسلامی لەگەڵ کۆمەڵگەی جیهانی ڕێکدەکەوێت و گەلانی ئێرانیش هاوتەریب و هاوکات لەگەڵ ئەو ڕێککەوتنە، دریچەیەکیان بۆ دەکرێتەوە کە ژیانیان بگۆڕن، کلیلی دەوڵەت و چارەسەریی کێشەکان نەتەنیا قوفڵی ژیانی خراپی هاووڵاتیانی نەکردەوە بەڵکوو بە هۆی سیاسەتە ئەمپریالیستیەکانیەوە کە دەیەوێت هەموو ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوین بخاتە بن هژموونی و سامناکیی خۆیەیە، جارێکی دیکە گەلانی ئێرانی تووشی نائۆمێدی کردووە کە ئەمجارەیان بە دەرچوونی ئامریکا لە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە کە لە ئێران بە بەرجام ناسراوە، خودی کۆماری ئیسلامی و کۆی سیستەمەکە بۆ خۆی لە کێشەی ڕەوایەتیبووندا گومانی لە خۆی هەڵگرتووە و ترسی ئەوەی لێ نیشتووە کە خەڵکی ئێران بە بێ هیوا بوونیان لە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی، ئیمکان و ئەگەری ئەوە هەیە دژی ڕژیم سەرهەڵبدەن و کۆماری ئیسلامی لە ناوخۆوە تووشی هەرەس و ڕووخان بێت کە دەسەڵاتدار و کاربەدەستانی ڕژیمیش بۆ خۆیان باس لەو ئەگەرە دەکەن.

بەڵام دەرئەنجامەکانی دەرچوونی ئامریکا لە بەرجام و گەڕاندنەوەی گەمارۆکان چی دەبێت؟ دەبێ بووترێت کە ڕوونترین دەرئەنجام کە سەرەکیترینشیان دەبێت خراپبوونی باری گوزەرانی خەڵکی و دۆخی ئابووریی وڵات دەبێت کە کۆمەڵگەی ئێران بە هۆی سیاسەتە هەڵەکانی کۆماری ئیسلامییەوە، نێزیک بە چل ساڵە، ئاستی بژێوی و گوزەرانی خەڵکی لە پلەیەکی نزمدا هێشتووەتەوە و بەشێکی زۆر و فراوانی خەڵکی ئێران لە ژێر هێڵی هەژارییەوە ژیان دەکەن. بە تێکچوونی ڕێککەوتنی ئەتۆمی، پێچەوانەی ئەوەی کە دەسەڵاتدارانی ڕژیم باسی دەکەن گوایە ئەوان زۆر نیگەران نین لە دەرچوونی ئامریکا لە ڕێککەوتنەکە و کاریگەریی لە سەر دۆخی ژیانی خەڵک و سەقامگیریی کۆمەڵایەتی ناوخۆی ئێران ناکات، دەبێ بووترێت کە کاریگەریی ڕاستەوخۆی لە سەر ژیانی...

درێژەی لە لاپەڕە ١٢

## فەلسەفەی وجوودی یەکێتیی دیموکراتی کوردستان و شەڕی تایبەت دژی بوونی بەشی یەکەم

محەمەد خۆشچێهرە ل ٣

## تێلێگرام و دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی

ئارام زاهێری ل ٨

## ژنان لە دەسەڵاتی سیاسی ئێراندا

ئەردەڵان سلێمانی ل ١٠